# ئازاری گەنجان نەگەیشتۆتە ناو پەرلەمانی کوردستان



**جەمال پیرە**

ولاَتی ئێمە پێکهاتەو هەڵکەوتە سیاسیی‌وجوگرافییەکەی جیاوازترە لە هەر ولاَتێکی تر، دەنگ‌وڕەنگ‌و بیرکردنەوەی تاکەکانی خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی‌و سەرجەم چەمکە ژیارییەکانی کە ئەمڕۆکە لە دنیادا باس‌وخواسییەتی لەم ولاَتەی ئێمەدا مۆرك‌و تایبەتمەندی خۆیان وەرگرتووە، لێرەدا مەبەستمە روونیبکەمەوەو بڵێم کە لەم مەملەکەتەی ئێمەدا بە راشکاوی بانگەشەی ماناو مەغزا قووڵەکانی دیموکراسیی دەکرێ بەلاَم لەسەر بونیادێکی کۆمەلاَیەتی داتەپیو، بونیادێك کە خالّیە لە هۆشیارییەکی تۆکمە، لەسەر بناغەیەکی کلۆڵ مەبەستمانە جاری کۆمەڵێکی مەدەنیی بدەین‌و خۆشمان بکەین بە جەنگاوەرێکی چالاکی دیموکراسیی، ئێمە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بووین وێنەیەکی نەشاز بدەینە پیادەکردن‌و خوێندنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیی، فێری ئەوە کراوین پێچ بە رێڕەوە دروستەکانی ئازادی بدەینەوە، لەهەمانکاتدا بە زمانێکی پڕ لە فێڵەوە داکۆکیی بکەین، لەم ولاَتەی ئێمەدا عەقڵی پیر هەرگیز رێگەی نەداوەو رێگە نادا هیچ بیرکردنەوەیەکی تری دەرەوەی خۆی سەربگرێ، ئەو بەردەوام لەبەردەم ئەگەری بێدەنگبوونی گەنجدا سەرجەم وشەو چەمك‌و ماناکانی عەقڵ‌و لۆژیك‌و زانست مۆنۆپۆلکردووە.

ئەگەرچی ململانێی نەوەکان رەگ‌وریشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە، بەو پێیەی کە هیچ قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ نابینین دوور بێ لە ململانێی دەسەلاَت‌و هەیمەنەی فیکریی‌و ئایدۆلۆژیی، بەلاَم دەبێ ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێ کە هەر قۆناغێکی ململانێکە شێوازو سکێچێکی تایبەت بەخۆی گەرەك بووەو میکانیزمێکی جیاوازو ئاوێتە لەگەڵ هەوای پێشکەوتنی مرۆڤایەتییان پێویستە، هەر بۆیە

لەپێناو راستتر خوێندنەوەیواقیعیی ململانێی ئێستای گەنج لەگەڵ باوکەکانی دەسەڵاتدا پێویستیمان بە میتۆدێکی نوێی بەرەنگاریی دەبێ، میتۆدێك سەرجەم هەوڵە پەرتوبڵاوەکانی پێشوو لەتەنها بۆتەیەکدا کۆبکاتەوەو بیانکات بە تاکە هەوڵێکی جیدیو کاریگەر، لەوێوە خاڵی سەرهەڵدانو تەوژمی نارەزاییو داواکاریی نەوەی نوێ دەستپێدەکات، ئەوسا ئەوەی کە دەمێنێتەوە ناچارکردنی دەسەڵاتە بۆ گوێگرتنو دانەنان بە راستییەکان، لەم کوردستانەی خۆماندا کە خاوەنی پەرلەمانێکە تاکو ئێستا بیری لەوە نەکردۆتەوە دانیشتنێك لە دانیشتنەکانی خۆی تایبەت بکات بۆ کێشەی گەنج، تا ئێستا وەك دەردەکەوێت پەرلەمانی کوردستان بەهەمان عەقلییەتی سەردەمی شەڕی ناوخۆ بیر دەکاتەوە، بە شێوەیەك کە بۆ هەر بڕیارێکی دەبێ رەچاوی ململانێیە ناراستەکانی هەردوو حیزب بکات، پەرلەمانێکە وەك دەرکەوتووە تەنها لە بۆنە نەتەوەییو بڕیارە چارەنووسسازەکانی نەبێت بیر نەکاتەوە ئەو کاتەیش کە بیردەکاتەوە بۆ ئەم مەسەلانەی کە ناومان هێنا لەدەنگداندا رەنگەکان دەبنەوە بە یەك، بە شێوەیەك یا بە کۆی دەنگ رەزامەندن یا بە پێچەوانەوە نارازین، واتە دەتوانین بڵێین تا ئێستا بڕیارێکمان نەبینیوە لەبەردەم پێشبڕکێیەکی سەختی نێوان فراکسیۆنەکاندا دەرچووبێت، پەرلەمانەکەمان وەك بینیومانە بە ئیعازی سەرکردەیەك سەرجەم دەستەکانیان بەرزو نەوی دەکرێنەوە، دیارە پەرلەمانێکیش بەو شێوەیە بیربکاتەوەو داردەستی حیزبو سەرکردەکانی بێت بێگومان چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت دەست بە ریفۆرمو چاکسازییەوە بگرێت، پەرلەمانێك گەر بەو بیرکردنەوەیە دەسەڵاتدار بێتو زۆرینەی ئەندامانی پیربنو لەژێر کاریگەریی پیردا بڕیار بدات ئاخۆ دەبێ بۆ گەنجان چی پێبێ؟ من وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ گەنجو خوێنەران جێدێڵم.

لەم سۆنگەیەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە رێکخراوو گروپو سەنتەرەکانی گەنجو لاوی کورد دوور لە رەچاوکردنی ئینتیما سیاسییەکەیان لە ژێر چەترێکی یەکگرتووو بارگاویکراو بە ئینتیمای گەنجبوونی خۆیان دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی یەکترو بیرەچاوکردنی خواستو ویستە سیاسییەکانی دەسەڵاتی سیاسییو حیزبو مەرجەعەکانیان گەورەترین پاڵەپەستۆ بخەنە سەر سەرچاوەی بڕیار کە بێگومان بۆ دواجار ئەم توێژە بە هەموو رەنگو بۆچونەکانیانەوە سودمەند دەبنو دەبێ بەکارئاسانییەکیش بۆ هێنانەدی خۆشگوزەرانی کە لەمێژساڵە گەنجی کورد بۆی دەناڵێنێو دەرفەتێکی نەبووە تا نارەزایەتییێکی دوور لە زەبروزەنگ دەربڕێو شۆڕشێکی وەنەوشەیی هەڵگیرسێنێ.......

03-11-2005

jamalpira@yahoo.com